# نەخۆشی باڵندەکان ترسێکی گەورەیە و حکومەتەکانمانیش هیچ ناکەن

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ماوەیەکی زۆرەنەخۆشی باڵندەکان بەجیهاندا بڵاوبۆتەوەو ترسێکی گەورەی خستۆتە جیهانەوە. هەموو دەزگاحکومی و ناحکومیەکان هەڵمەتێکی گەورەیان بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە بەرێخستووە. لەو کاتەی ئەم نەخۆشیە گەیشتۆتە توورکیاو باکووری کوردستان بەتایبەت، ترسەکەگەورەتربووە. حکوومەتەفاشیەکەی توورک ، پاش ئەوەی هێندەی تر لەجیهاندا شەرمەزاربوو،چونکە هیچ هەنگاوێکی باشیان بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیەنەکردووە.چونکە حکومەتی توورکیا پاش ئەوەی نەخۆشیەکە تەشەنەی کرد ، ئینجا هەنگاویان نا . ئاخر ئەو دەوڵەتە لەوەتی دروستبووە، کاری قەڵاچۆکردنی مرۆڤ و سروشت و وڵاتی کورد بووە ، چۆن ئێستا دەبێتە ( عیسای کوری مریەم ) و برینەکانی کورد چارەسەربکات ؟! ئەوان خۆیان لاشەی کوردیان بریندار کردووە . بەهەرحاڵ ئەوە داگیرکەرێکی دڕندەی وڵاتەکەمە و هیچ کاتێکیش لەخراپە زیاتر چاوەڕێی هیچی تریان لێناکەم . لێ ئەم دەبڵ( واتە:جووتە، دووان) حکومەتەی لەمەڕخۆمان زۆر بێ باکانە بۆ ئەم نەخۆشیە ترسناکە دەروانن . هیچ هەوڵێکی جدیان بۆ خۆپاراستن و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشیە نەناوە، ئەو کارانەش کەکردوویانە زیاتر بۆ ئیستهلاکی مەحەلی وجیهانی بووە. هەتاوەکوو ئەمرۆش کەسانی پسپۆرو شارەزایان لەبواری چۆنێتی خۆپاراستنی خەڵکی لەم نەخۆشیە نییە. مستەفا ئەحمەد( شۆرەتی وەستاعەلی یان خوولەچەغماخە)یان هێناوەو باسی ترسی ئەم نەخۆشیەبۆ خەڵکی دەکات ، وەک بڵێیت لەکوردستاندا دکتۆری ئاژەڵداری(بەیتەری)قڕی تێبووبێت. یان لەکوردستان تیڤی ڕیکلام بلاودەکەنەوەودەڵێت(سەوزەمەخۆن یان بشۆرنەوە ئینجا بیخۆن!) . هەرچەندە ئەم نەخۆشیە لەخواردنی سەوزەو مریشکەوە تووشی مرۆڤ نابێت ، بەڵکە لەئەنجامی تێکەڵاویەوە تووشی مرۆڤ دەبێت. میدیاکان هەرخەریکی گۆرانی وسەماکردنن(ئاخر حوکمەتەکانمان بوو بەیەک!!). وەزیرەکانی کشتووکاڵ هیچکامیان زانیاریان لەبارەی کشتووکاڵ و ئاژەڵداریووە نییە ، بگرە ئەوان بۆیەبوونەتە وەزیر چونکە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکانیانن . لەبەر ئەوەی ماستاوچێتی و گەندەڵی هێندەزۆرە ، حکومەتەکان هیچکامیان خەڵکێکی پسپۆری باشیان نییە.ئاخر خەڵکی شارەزا و دڵسۆز ماستاوچێتی ناکات. لەم شەوانە ( شەماڵ عەبدوول وەفا ) وەزیری کشتووکاڵی سلێمانی ، باسی یەکگرتنەوەی حوکمەتی  دەکرد ، لەجیاتی ئەوەی باسی مەترسی ئەم نەخۆشیە بۆ خەڵکی بکات . بەڕاستی ئێستا ئێمە لەنزیک ئاگرەکەداین و پێدەچێت ماوەیەکی نزیکتریش ئێمەش بەم نەخۆشیە بسووتێین. حوکمەتەکانمان لەجیاتی بێن باڵندەکان بەتایبەت مریشکەکان کۆبکەنەوەو بیانخەنە قاعەی تایبەتەوە ، کەچی خەریکی کۆکردنەوەی خەڵکی نووسەرو رۆشنبیرە و دەیانخاتە ژووری زیندانەتاریکەکانەوە! . هەربۆیە داواکارم لەسایتەکوردیەکان ، کە هەڵمەتێکی گەورە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بدەن . هەروەک چۆن مەلەڤی(دکتۆر کەمال و گەندەڵی ) هەیە، بامەلەڤی نەخۆشی ئینفلۆوەنزای باڵندەکانیش هەبێت. چونکەبەراستی ئەم نەخۆشیە ترسێکی گەورەی بۆ کوردستان وخەلکە هەژارەکەی هەیە. میدیاکانی کوردستان لەبەر مەسئوول و گۆرانی بێتام ، کاتیان بۆ ئەم نەخۆشیە ترسناکە نییە . هەربۆیە جارێکی تریش داوادەکەمەوە ، کەبا هەوڵیکی جددی بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە ترسناکە بدەین.

ئەڵمانیا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com